زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی پەروەردە - بەشە مرۆڤایەتیەكان
بەشی رێنمایی پەروەردەی دەروونی

# بنەماكانی پەروەردەیی

مامۆستای بابەت
شاهین خالد رشید

سالی خوێندن

٢٠٢٣ -٢٠٢٤

## ناوەرۆك


| | بابەت |
|---|---|
| | **بەشی یەکەم** |
| | چەمکی پەروەردە |
| | گرنگی پەروەردە |
| | ئامانجی پەروەرە |
| | کاری پەروەردە |
| | مەبەستەکانی پەروەردە |
| | سرروشتی زانیاری مرۆڤایەتی |
| | **بەشی دووەم** |
| | بنەماکانی پەرەوەرد |
| | بنەما فەلسەفیەکانی پەروەردە |
| | بنەما دەروونیەکانی پەروەردە |
| | بنەما کۆمەلاَیەتیەکانی پەروەردە |
| | بنەما کارگێریەکانی پەروەردە |
| | **بەشی سێیەم** |
| | پێشکەوتنی پەروەردە لەرووی مێژوویی |
| | گرنگی زانینی مێژووی پەوەردە |
| | لە نێوان پەروەردەی کۆن و نوێ |
| | پەروەردە لە کۆمەلگا سەرەتاییەکان |
| | تایبەت مەندیەکانی کۆمەلگا سەرەتاییەکان |
| | جۆر و شێوازەکانی پەروەردە لە کۆمەلگا سەرەتاییەکان |
| | پەروەردە لە کۆمەلگا کۆنەکان |
| | پەروەردە لە چینی کۆن |
| | قۆناغەکانی فێرکردن لە چینی کۆن |
| | سیستمی تاقیکردنەوەکان لە چینی کۆن |
| | پەروەردە لە هیند |
| | جۆرەکانی پەروەردەی هیندی کۆن |
| | پەروەردە لە یۆنان |
| | پەروەردەی لە ئەسینا و أسبارتە |

| | |
|---|---|
| پەروەردە لە میسری کۆن | |
| بەشی چوارەم | |
| پرانسیپە پەروەردەییەکان | |
| پەروەردەی جەستەیی | |
| پلەکانی پەروەردەی جەستەیی | |
| پەروەردەی جەستەیی و یاریکردن | |
| پەروەردەی هزری | |
| شیوازەکانی پەروەردەی هزری | |
| پلەکانی پەروەردەی هزری | |
| پەروەردەی پیشەیی | |
| پیشە وەك کێشەیەکی پەروەردەیی | |
| بەنەماکانی ئامادەکردنی تاك لە رووی پیشەیی | |
| پەوەردەی ئاکاری | |
| مەبەست لە بوونی پەروەردەی ئاکاری | |
| ئاستەنگەکانی پەروەردەی ئاکاری. | |
| بنەماکانی پەروەردەی ئاکاری | |
| بەشی پێنجەم | |
| ڕابەرانی بیری پەروەردەیی | |
| ابن سینا | |
| غەزالی | |
| فارابی | |
| جان جاك روسۆ | |
| فرۆبل | |
| منتسۆری | |
| هێربارت | |
| بەشی شەشەم | |
| دەسەلاّتی لە سیستمی پەروەردە | |
| سرووشتی مرۆڤ و پەروەردە | |
| پەروەردە لە پێناو کۆمەڵ یان لە پێناو تاك. | |

**سەرچاوەی بەسوود :**


١- دراسات فى فلسفه التربيه – محمد جلوب فرحان – ١٩٨٩

٢- مدخل الى التربيه –عمر احمد الهمشرى – ٢٠٠٧

٣- اصول التربيه – محمد حسن العمايره -٢٠٠٥.

٤- المدخل الى أصول التربيه – فخرى رشيد خچر – ١٩٨٩.

٥- التربيه قديمها وحديپها – فاخر عاقل – ١٩٨٤.

٦- موسوعه مشاعير أعلام علماو النفس والتربيه والگب النفسى – نبيل موسى ٢٠٠٢.

٧- موسوعه اعلام علماو النفس – عبدالمنعم الحفنى – ٢٠٠١.

## بەشی یەکەم

### چەمکی پەروەردە

ووشەی پەروەردە چەندین پێناسەی بۆ دانراوە، وە هەر زانایەك بە بۆ چوونی خۆی پێناسەی پەوەردەی کردووە، هەندێکیان جەختیان لە سەر لایەنی جەستەی کردووەوە هەندێکی تریان جەختیان لە سەر لایەنی عەقلی کردووە، وە لە گەڵ بوونی جیاوازی لە پێناسەکان زاناکان کۆکن لە سەر هەندێ خال وە : ( هەموو زاناکان پێیان وایە پەروەردە تایبەتە بە مرۆڤ وە ئەو پرۆسەیە لە کەسێکەوە دەگوازرێەوە بۆ کەسێکی تر، وە ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی ئامانجدار دەژمێردرێت ) و لە بەر ئەوەی پرۆسەی پەروەردەی لە کۆنەوە هەبووە لە کۆنەوە پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە وە هەر فەیلەسوف و پەروەردەکارێك پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی داناوە کە لەگەڵ بارودۆخی سەردەمەکەی گونجاوە لەم پێناسانەش :

١- پێناسەی فروبل (پەروەردە پرۆسەیەکە تیایدا توانستە شاراوەکان وەك گوڵی درەخت دەکرێتەوە)
٢- هربرت سبنسر ( پەروەردە هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە بۆ خۆمان و کەسانی تر دەیکەین بۆ ئەوەی بگەینە تەواوی سرووشتمان، وئامادەکردنی تاکە بۆ ژیانی داهاتووی ).
٣- جون دیوی ( پەروەردە کۆمەڵە پرۆسەیەکە لە رێگەیەوە کۆمەڵگا یان چەند کەسانێك هەڵدەستن بە گواستنەوەی دەسەلاَت و ئامانجەکانیان بۆ کەسانی تر بە مەبەستی پارستنی بوونیان و گەشەکردنیان لە ژیان ).
٤- لە پێناسە هاوچەرخەکانی پەروەردە ( گەشەکردنی کەسایەتی کۆمەلاَیەتی مرۆڤە تا دەگاتە لوتکەی توانست وئامادەباشیەکانی، بە جۆرێك کەسایەتی داهێنەر و بەرهەم هێنەری پێشکەوتوو بۆ کۆمەڵگای پێدەگەینێت )

### گرنگی پەروەردە

پەروەردە پرۆسەیەکی گرنگە بۆ تاك و کۆمەڵگا، چونکە لە رێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی و کلتوری کۆمەڵگایەکەی بپارێزێت، واتە پەروەردە پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت پێداویستیەکانی ژیان جێ بەجێ بکات، وە رەفتارەکانی بەپێی پێوەری کۆمەڵگای رێك بخات، وە ئەگەر بمانەوێت گرنگی پەورەدە باس بکەین دەتوانین بەم خاڵانە بخەینە روو :-

١- کلتووری مرۆڤایەتی لە رێگەی بۆماوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ناگوازرێتەوە واتە داب و نەریت و سیستمی کۆمەڵایەتی، وەك رەنگی چاو قژ ناگوازرێتەوە بەڵکو پێویستی بە سیستمێکی پەروەردەیی هەیە بۆ ئەوەی بە رێك وپێکی بگوازرێتەوە.

٢- مرۆڤ لە کاتی لە دایك بوونی دا چەندین پێویستی جیاجیای هەیە، بەتایبەتی پێویستی بە چاودێری بەردەوام هەیە لە دوای لەدایك بوونی، وە لە بەر ئەوەی قۆناغی منداڵی لای مرۆڤ زۆر دەخایەنێت بە بەراورد لە گەڵ بوونەوەرەکانی تر، پێویستە منداڵ بە بەردەوامی پەورەدە بکرێت بۆ ئەوەی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئامادە بکرێت.

٣- ژیانی مرۆڤایەتی زۆر ئالۆزە و بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە، بۆیە پێویستە بەردەوام تاك ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت فریای ئەم گۆڕانکاریانە بکەوێت کە لە دەوروبەری روودەدات.

**ئامانجی پەروەردە**

لە بەر ئەوەی هەموو کۆمەڵگایەك فەلسەفەو ئایدیاو سیستمێ کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە ئامانجە پەروەردەییەکانیش لە ناو ئەو کۆمەڵگایانە جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت بۆیە لە ناو خودی پەروەدکارەکان بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە ئامانجەکانی پەروەردە، وکاتی دەمانەوێت باسی ئامانجی پەورەدەیی بکەین پێویستە بزانی ئەم ئامانجە سەرچاوە فەلسەفیەکەی لە کوێ وە هاتووە.

لە سەرەتای سەدەی بیست ویەك هەر دوو زانا ( ویسلر و الیکساندەر ) هەولیاندا چەند بوارێك دەستنیشان بکەن کە سەرچاوەی ئامانجە پەروەردەییەکان لی هەڵدەقوڵێتەوە :-

١- بواری گەشەی کەسیەتی :

واتە دۆزینەوەی رێبازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ بنیادنانی چەمکێکی راست درووست بۆ خودی مرۆڤ

ئەم بوارەش چەندین هەلی فێربوون له خۆی دەگرێتەوە لەوانە ( فێربوونی هونەری پەیوەندی، ئامانجە گشتیەکانی پەروەردە، ڕێزگرتن لە بەهاکان، خزمەت گوزاری ڕێنمایی، تەندرووستی و پەروەردەی جەستەیی )

٢- بواري **پەیوەندیە مرۆییەکان :**

ئەم بوارە لایەنی کۆمەلآیەتی ومرۆیی دەگرێتەوە وەك ( کارلێکردنی کۆمەلآیەتی، ڕێکخستن لە ناو قوتابخانەکان، بەشداری تاك لە دەزگاو ڕێکخراوە کۆمەلآیەتیەکان )

٣- **بواری فێربوونی بەردەوام ودەست ڕەنگینیەکان :**

پێویستە ئەو پەیامەی کە لە دەزگا پەروەردکارەکانەوە هەیە جەخت لە سەر بەرهەم هێنانی تاکی بەتوانا بکەنەوە کە دەست ڕەنگینی تەواویان هەیە لە بوارە جیاجیاکان، ئەمەش وا دەگەینێت تاك توانای ( فێربوونی خوێندنەوە و گوێگرتن و قسەکردنی هەبێت واتە تاك بتوانێت بابەتەکان شی بکاتەوە توانای هەلبژاردن و هەلسەنگاندنی بیرۆکەکان هەبێت ).

٤- **بواری پسپۆڕی :**

ئەم بوارە لایەنەکانی خوێندنی ئاسایی دەگرێتەوە وەك بابەتە پیشەیی و هونەریەکان لە گەلٚ کارە خزمەت گوزاریەکان.

**کاری پەروەردەدە**

پەروەردە چەندین کاری گرنگی هەیە لەوانە :

١- گواستنەوەی کلتوور لە نەوی کۆن بۆ نەوەی نوێ، ئەم کارەش گرنگی خۆی هەیە بۆ بەردەوام بوونی کۆمەلگا.

٢- گواستنەوی جۆری ڕەفتارەکانە بۆ تاك، واتە کاتی منداڵ لەدایك دەبێت هەموو زانیاریەکان وەردەگرێت لە کۆمەلگاکە لەرێگەی هەستەوەرەکانی وە بەردەوام وەلامدانەوەی بۆ وورووژێنەرەکان دەبێت.

٣- گۆڕینی کلتوور وچاککردنەوەی ناوەرۆکەکانی واتە لە لەرێگەی پەروەردە هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانی کلتوور چاك دەکرێت وە پەرە بە لایەنە پۆزەتیڤەکانی دەدرێت.

٤- سادەکردنی کلتووری رۆشنبیری، واتە بۆ چەند قۆناغێك دابەش دەکرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کاتی گەشەکردنی لە قۆناغی منداڵی دا تێی بگات و فێری بێت وە بەپێی قۆناغەکانی گەشەی وەربگرێت ئەم کارەش تەنها لە دەزگا پەروەردەییەکانەوە دەبێت.

٥- پەروەردە هۆیەکی گرنگە بۆ کۆنترۆلکردنی کۆمەڵایەتی ، واتە ئەگەر هاتوو گەورەکان باوەریان بەو بەهاو کلتوورانە هەبوو ئەوا بەردەوام هەوڵدەدەن ئەم کلتوورە بسەپێنن و پارێزگاری لێبکەن تا بتوانن ژینگەیەکی ئارام بێننە دی.

٦- بە هۆی زیاد بوونی رێژەی دانیشتوان وە بوونی جەنجاڵی لە ناو شار و پیسبوونی ژینگە مرۆڤ پێویستی بە پەروەردەی تەندروستی ژینگەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت لە کارەکانی بەردەوام بێت وتوانای داهێنانی هەبێت.

٧- بەهۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا وە بوونی گۆڕانگاریەکان مرۆڤ ناتوانێت کێبڕکێ لە گەڵ ئەو هەموو زانیاریانە بکات هەر چەند هێز و توانای هەبێت، بۆیە پەروەردە هەڵدەستێت بە رەخساندنی باشترین و کورترین رێگا بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت سوود لەو هەموو زانیاریانە وەربگرێت.

٨- پەروەردە پرۆسەی گەشەی مرۆڤایەتیە، مرۆڤ کاتی لە دایك بوونی لاوازە لە رووی جەستەیی و کۆمەلاَیەتي و بەردەوام پێویستی بە چاودێری هەیە، لێرە کاری پەروەردە ئەوە دەبێت منداڵ ئامادە بکات لە قۆناغە جیاجیاکانی منداڵی ئەمەش بێگومان وای لێدەکات بە سەلامەتی بچێتە قۆناغی گەورەیی.

٩- پەروەردە پرۆسەی وەرگرتنی شارەزایی کۆمەڵایەتیە، کە ئەویش مرۆڤ لە رێگەی کەسانی دەروربەری خۆی وەری دەگرێت.

## سروشتی زانیاری مرۆڤایەتی

مرۆڤ کاتی لە دایك دەبێت مرۆڤێکی کامڵ نییە، و بە خاڵێك دەژمێردرێت کە هەموو زانیارییەکان لە دەوری کۆ دەبێتەوە، واتە هەموو ئەو شتانەی ئێمە دەیزانین وەك هونەر و زمان و فیکر و ئاکار لە رێگەی بۆماوە ناگوازرێتەوە بۆ منداڵ بەڵکو پێویستە هەموو ئەو چەمکانە فێربکرێت و بە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون دا بڕوات.

**بۆ نموونه ئەو دوو مندالّەی لە سالّی ١٩٢٠ لە دارستانەکانی هیند دۆرزانەوە هیچ شتێکی مرۆڤایەتیان تێدا نەبوو تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی نەیان دەتوانی وەك مرۆڤی ئاسایی بوەستن و وەك ئاژەلّ خواردنیان دەخوارد وە کاتێ بەرامبەر ئاوێنە خۆیان دەبینی دەرکیان بەوە نەدەکرد کە ئەم وێنەیە وێنەی خۆیتیان.**

**بۆیە دەتوانین بلێین بوونی مرۆڤ پەیوەستە بە بوونی پەروەردە، و بەبێ پەروەردە ناتوانین مرۆڤ بەرهەم بێنین.**

**زاناکانی قوتابخانەی رەفتاری لە دەروونزانی پێیان وایە ئێمە لە رێگەی پەروەردە و فێرکردن دەتوانن هەمووشتێك ئەنجام بدین، وە هەموو جۆرە مرۆڤێك بەرهەم بێنین، بۆ نموونە زانای دەروونزان ( واتسۆن )** لة ووتة بـةناوباطـةكـةي دةليَت ( ١٠ مندالَي ساغم ثيَ بدةن من بة ئارةزووي خؤم درووستيان دةكةم دةتوانم يةكيَكيان بكةمة سوالَكةر و يةكيَكيان بكةمة ثزيشك و يةكيَكيان بكةمة بازرطان ).

## بەشي دووەم

**بنەماکانی پەرەوەرد**

**بنەما فەلسەفیەکانی پەروەردە**

**پیش ئەوەی بنەما فەلسەفیەکانی پەرورەدە بخەینەروو پێویستە مانای چەمەکی فەلسەفە بزانین.**

**ئەوی شایەنی باسە جەندین بۆ چوونی جیاواز هەیە دەربارەی یەکەم کەس کە ئاماژەی بە مانای ووشەی فەلسەفە کردبێ، هەندێك لە مێژوو نووسەکان وای بۆ دەچن کەوا ( فیساغۆرس ٤٩٧ پ ز ) یەکەم کەس بوو ئەم ووشەیەی بەکار هێنا کاتی لێیان پرسی ئایا تۆ کەسێکی ( حکیم ) ی لە وەلامدانەوەی ووتی نەخێر چونکە (حکمە ) تایبەتە بە خواوەندەکان وە مرۆڤی حکیم نییە، وە منیش مرۆڤم بۆ من ( خۆشەویستیم بۆ حکمە ) هەیە واتە** ( Philosophy )

**وە هەندێکی تریش وای بۆ دەچن کەوا یەکەم کەس ئەم ووشەی بەکارهێنا مێژوونووسی یۆنانی (هیرودتس ) بووە لـــە ( ٤٢٥ پ ز ). وە فەلسە لە بنەرەتدا سێ پرسیاری سەرەکی دەرووژێنێت ( لە کوێ – بۆ کوێ – بۆچی ).**

**و بنەما فەلەسەفیەکانی پەروەردە خۆی لە چوارچێوەی فەلسەفەی پەروەردە دەدۆزێتەوە بۆیە فەلسەفەی پەروەردە لە واقعی بابەتە پەروەردەییەکان دەستپێدەکات بۆ ئەوی بتوانێت هەموو بابەتەکان شی بکاتەوە وە پێشبینی بکات بۆ دوارۆژ.**

**وە فەلسەفەی پەروەردە لە هەر سیستمێك بێت هەوڵی بەدەست هێنانی ئامانجەکانی پەروەردە دەدات وە لە رێگەی ورووژاندنی چەند پرسیارێك لەوانە :**

**یەکەم : بۆچی مرۆڤ فێردەکەین و بۆچی ئێمە فێردەبین.**

**دووەم : تایبەتمەندی ئەو مرۆڤە چییە  کە پێویستە پەرورده درووستی بکات.**

**ئەوەی گرنگە بیزانین فەلسەفەی پەروەردەیی لە بۆشایی درووست نابێت بەڵکو پێویستە، پشت بە فەلسەفەیەکی کۆمەلایەتی روون وئاشکرا ببەستێت، وە پێویستە فەلسەفەی پەروەردە نەرم و نیان بێت و توانای کۆڕانکاری تێدابێت بە تایبەتی لەم سەردەمەی کە بەردەوام گۆرانکاری فیکری و تەکنەلۆژی لە پەرەسەندن دایە.**

**وە ئەو پرسیارەی کە پێویستە بوروژێندرێت بۆ ئەوەی پەیوەندی لە نێوان فەلسەفەو پەرورەدە بخەینەروو بریتییە لە:**

١- ئەو بەهایانە چیین کە سیستەمە پەروەردەییەکان لە وڵاتە جیاجیاکان پابەندن پێی و وەك بەهایەکی گرنگ دەژمێردرێت.

٢- ئەو ئامرازانە چین کە سیستەمی پەروەردە دەگریتە بەر بۆ ئەوەی ئاماجەکانی بەدی بهێنێت.

بۆ وەلامدانەوی پرسیاری تایبەت بەئامانجە پەروەردەییەکان پێویستی بە لێکۆلینەوە هەیە بە مەرجێك ئەم پرسیارە هەموو کێشە فەلسەفیەکانی پەیوەست بە ( گەشەکردن و هەڵسەنگاندنی کێشەکۆمەڵایەتیەکانی پەیوەست بە سیاسەتە گرنگەکانی ) بگرێتەوە. بۆیە جۆن دیوی دەڵێت ( فەلسەفەی پەروەرەیی بە تیۆری گشتی فەلسەفە دەژمێردرێت ).

بنەما دەروونیەکانی پەروەردە

بنەما دەروونیەکانی پەروەردە خۆی لە سێ رەهەندی سەرەکی دەدۆزێتەوە لەوانە :

( سرووشتی فێرخواز - سرووشتی فێربوون - تیۆرەکانی فێربوون )

یەکەم // سروشتی فێرخواز :-

واتە بوونی توانستەکانی و ئامادەباشی و ئاراستەکانی و پاڵنەرەکانی و پێکهاتەی کەسایەتی و پێویستی دەروونی و ماددی و پێکهاتەی وەك تاکێك لە ناو کۆمەڵگا.

و زانینی سروشتی مرۆڤایەتی یەکێکە لە بنەما سەرکیەکان بۆ هەر پرۆگرامێك بە مەبەستی چاکسازی لە سیستمی پەروەردە، وە بە بێ ئەم زانیاریە هەر کارێکی پەروەردەیی دووچاری شکست دەبێتەوە , وە ئەگەر هات و مامۆستا شارەزایی دەربارەی سرووشتی فێرخواز نەبێت ئەو ناتوانێت یارمەتی بدات بۆ ئەوەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی گونجان بەدەست بێنێت.

ئەوی گرنگە بیزانین لەم بوارە، پرۆسەی پەرورەدەیی لە رووی چەمك ئامانجەکانی لە سەرەتاوە کەوتە ژێر کاریگەری روانگەی پەروەردکارەکان بۆ خودی فێرخواز، و پەروەردکارەکان بە درێژایی مێژوو چەندین بۆچوونی جیاوازیان سەربارەت بە فێرخواز خستە روو لەوانە :-

١- مرۆڤ لە سرووشتی دا مەیلی خراپەی هەیە : ئەم بۆ چوونەش پیاوانی کەنیسە کاریان لە سەر دەکرد لە سەدەی ناوەراست وە پێیان وابوو مرۆڤ بەردەوام پەنا بۆ خراپەکاری دەبات بۆیە ( هربرت سبنسر دەڵێت) " منداڵ لە گەورە توندتر دەبن ئەگەر هات و بەبێ چاودێر بوون، وە هەر چەند تەمەنیان بچووکتربێت ئەوا توندوتیژتر دەبن "

٢- مرۆڤ لە سروشت دا مەیلی چاکەی هەیە : فەیلەسوفی چینی ( کونفوشیوس ) دەڵێت " مرۆڤ لە سرووشت دا خراپەکار نییە بەڵکو لە ناوەرۆکی دا باشە " و جان جاك روسو دەڵێت " هەموو شتێك باشە تا لە دەستی سروشتە.. بەڵام ئەگەر بکەوێتە دەستی مرۆڤ ئەوا وێران دەبێت "

٣- مرۆڤ بەسروشتی خۆی مەیلی چاکە وخراپەی هەیە : پەروەردکارانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە مرۆڤ پەنا دەباتە بەر هەردوو رەفتار واتە رەفتاری خراپ و باش بە پێی ئەو پەورەدەی کە وەری دەگرێت، ئەمەش لە گەڵ بۆچوونی فیکری ئیسلامی خۆی دەدۆزێتەوە.

دووەم // سرووشتی فێربوون :-

لە چوارچێوەی باسکردنی سروشتی مرۆڤ خستنەرووی بابەتی فێربوونە و رادەی گونجانی بۆ فێرخواز، و جۆرەکانی فێربوون و بارودۆخی گواستنەوەی زانیاریەکان و ئەویاسایانەی بەرپرسن لە فێربوون.

و لە بەر ئەوەی ئەو ژینەگەیەی کە مرۆڤ تیایدا دەژێت بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە، مرۆڤ ناچارە رەفتارەکانی بگۆڕێت بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی کە روودەدات، بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەو بارودۆخە بگونجێت.

وەکاتی باسی سرووشتی فێربوون دەکەین پێویستە ئاماژە بەم لایەنانە بکەین :-

١- **پێگەیشتن :** واتە بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت پێویستە مرۆڤ بگاتە ساتێکی تەواو لە پێگەیشتن، چونکە ئەگەر لە رووی پێگەیشتنەوەی نەگەیشتبێتە ئاستی تەواو ئەوا پرۆسەی فێبروون روونادات هەرچەند تاك مەشقی پێبکرێت.

٢- **ئامادەباشی :** ئەو توانا شاراوانە دەگرێتەوە کە لە لای فێرخواز هەیە بۆ ئەوەی بە خێرایی و ئاسانی فێرببێت بە مەرجێك مەشقی تەواوی پێ بکرێت، ئەوەی شایەنی باسە ئەم ئامادەباشایانە لە ناکاو لای تاك بەدەرناکەوێت بەڵکو لەگەڵ گەشەی مرۆڤ بەدەر دەکەوێت و پەرەدەسەنێت.

٣- **پاڵنەر :** پاڵنەر حاڵەتێکی ( جەستەیی – دەروونیە ) لە ناوەوەی مرۆڤدا، هەڵسوکەوتی لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەجولێنێت و ئاراستەی دەکات بەرەو ئامانجێکی دیاری کراو.

دەبێت ئەوەش بزانین پاڵنەر چەمکێکی گریمانەییە واتە ئێمە ڕەنگدانەوەی حاڵەتەکە دەبینین و هەستی پێدەکەین، بەڵام خودی حاڵەتەکە نابینین، بۆ نمونە کاتی هەندێ کەس دەبینین زۆر بە گورج گۆڵییەوە دەچن بۆ سەر کارەکانیان وخۆشی لەکارەکانی خۆیان دەبینن، گریمانەی ئەوە دادەنێین ئەوکەسانە پاڵنەریان بۆ کارکردن بەهێزە.

واتە ئێمە پاڵنەر نابینین بەڵام لە دەرئەنجامی هەڵسوکەوتیان لە کارەکانیان، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەتیایدا ڕێژەی پاڵنەریان بۆ کارەکان دیاری دەکرێت. ئەوەی شایەنی باسە هەموو کەسێك جۆرێك لە پاڵنەرەکانی هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، بەڵام جۆری پاڵنەرەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەرکان بەسەر دوو جۆر دابەش دەکرێن :

- **پاڵنەرە بۆ ماوەییەکان :**

ئەم جۆرە پاڵنەرە لە ڕێگەی بۆ ماوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە و لە سەرەتای ژیانی مرۆڤ دروست دەبێت، بۆیە ئەم جۆرە پاڵنەرانە فێرناکرێت واتە مرۆڤەکان لەچ شوێنێك بن و لە کام نەژاد بن هەمان پاڵنەریان هەیە، گرنگترین پاڵنەرەکان بریتین لە ( برسیەتی و نووستن و سێکس و ڕزگار بوون لە پاشەڕۆ و بوونی پلەیەکی گەرمای مام ناوەند )

- **پاڵنەرە وەرگیراوەکان :**

ئەم جۆرە پاڵنەرە مرۆڤ لە دەوربەری خۆی وەری دەگرێت لە ڕێگەی فێرکردن و مامەڵەکردنی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆیە لەکۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگوازرێتەوە و لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی دەبێت

وە بوونی پاڵنەر هۆکارێکی گرنگە بۆ فێربوون هەر ئەمەش وادەکات مرۆڤ بەردوام لە هەوڵدان دابێت بۆ ئەوەی زانیاری بەدەست بێنێت.

٤- **<u>بوونی توانست</u> :** توانست بریتییە لە هەموو کارانەی کە مرۆڤ دەتوانێت بیکات لە کاتێکی دیاری کراو لە کاری هزری یان جولەیی، بۆ نموونە توانستی ژماردن و بیرهاتنەوە لێکدانەوە.

سێیەم // تیۆرەکانی فێربوون :

تیۆرەکانی فێربوون گرنگی خۆی هەیە لە نێوان تۆرە پەروەردەیی و دەروونیەکان چونکە لە ڕێگەی ئەم تیۆرانە دەتوانین ڕەفتاری مرۆڤ شی بکەینەوە. و سەبارەت بە تیۆرەکانی فێربوون دەتوانین ئەم تیۆرانە بخەینە روو :

- تیۆری فێربوونی مەرجداری ( بافلۆف )
- تیۆری فێربوون بە هەوڵدان و هەڵە ( پورندانیك )
- تیۆری فێربوونی کرداری ( سکینەر )
- تێۆری جشتالت ( کوهلر – کوفکا – فرتیمر )

## بەشی سێیەم

**پێشکەوتنی پەروەردە لەرووی مێژوویی**

**گرنگی زانینی مێژووی پەروەردە**

ئەگەر مێژوو لێکۆڵینەوە دەربارەی کەسایەتیەکان و رووداوەکان بکات، مێژووی پەورەردە گرنگی بە کردارە پەروەردەییەکان دەدات و بە درێژایی مێژوو چۆن بووە، ئەویش لە رێگەی وروژاندنی ئەم پرسیارانە ( دەزگا پەروەردەییەکان چۆن درووست بوون؟ و چۆن گەشەیان کردوە؟ و بۆچی شێواز و رۆڵی لە کۆمەلگایەك بۆ کۆمەلگایەکی تر دەگۆڕێت؟ چۆن پەروەردە لە ناو کۆمەلگاکان رەنگدانەوەی کلتوور و بارودۆخی کۆمەلآیەتی و ئابووری و سیاسی بووە ؟ )

بۆیە لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی پەروەردە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پەروەردکار چونکە یارمەتی دەدات زانیاری دەربارەی هەوڵ و کۆششی تاك وکۆمەلگاکان وە هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکستەکان بزانێت، و ناکرێت ئێمە هەولی هەزاران ساڵ لە گشت بەشەکانی زەوی پشت گوێ بخەین.

و ئەگەر ئێمە لە مێژووی پەروەردەیی ووردبینەوە چەندین دەرئەنجامی جیاجیامان دەست دەکەوێت لەوانە :-

١- مرۆڤ و کۆمەلگا و کلتوور چی بەسەر دێت ئەگەر هاتوو سیستەمی سەربازی بەسەر سیستمی پەروەردەیی دا زاڵ بێت وەك ئەوی لە یۆنانی کۆن روویدا.

٢- چی روودەدات ئەگەر هاتوو پەروەردە بوو بە ئامرازێك بۆ بلآوکردنەوەی بیری سیاسی و وەك چەکێك بەکار هات لە لایەن دەسەلآتی سیاسی ؟ وەك ئەوەی لە ئەلمانیای نازی روویدا.

٣- چی روودەدات ئەگەر هاتوو پەروەردە بوو بە ئامرازێك بۆ شۆڕشی کۆمەلآیەتی – کلتووری ؟ وەك ئەوەی لە چین روویدا.

٤- چی روودەدات ئەگەر هاتوو پەروەردە شێوازێکی نا عەقلانی بەکارهێنا وەك ئەوەی لە سەدەی ناوەراست رووی دا کاتی پەروەردە لە بەردەست پیاوانی ئاینی بوو لە ئەوروپا.

٥- چی روودەدات ئەگەر هاتوو پەروەردە بوو بە ئامرازێك بۆ هۆشیارکردنەوەی تاك وەك ئەوەی لە ولآتانی ئەوروپا روویدا.

خوێندەوەی مێژوو وامان لێدەکات ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر وەلامی راست و درووستی بۆ بدۆزینەوە.

## لە نێوان پەروەردەی کۆن و نوێ

### پەروەردە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان

باسکردنی پەروەردە لە لایەن کۆمەڵگا سەرەتاییەکان باسکردنی قۆناغی پێش داهێنانی نووسینە واتە ( ٤٠٠٠ ) ساڵ پێش زاین بۆیە باسکردنی سیستمی پەروەردەیی ئەم سەردەمە لە رێگەی دۆزینەوە ئەوشوێنەوارانە بووە کە بەر لە چەند هەزار ساڵ دۆزراوەتەوە، وەئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵگا سەرەتایەکان بۆما دەردەکەوێت کە ئەوان کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بوون و گۆڕانکاریەکان زۆر لە سەرەخۆ لە نێوانیان رووی دەدا، وژیانێکی سادەیان هەبووە، وە لەبەر سادەیی ژیانیان پێویستیان بە دەزگا پەروەدەییەکانەوە نەبووە وەك قوتابخانە، بۆیە رۆڵی پەروەردە لە ناو خێزان لە ئەستۆی گەورەکان بووە وەك دایك و باوك.

### ئامانجەکانی پەروەردە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان

لە کەڵ ئەوەی کۆمەڵگا سەرتاییەکان جیاوازیان هەبووە بەڵام چەندین خاڵی هاوبەشیان هەبووە بۆیە دەتوانین ئامانجە پەروەردەیەکانیان بخەینە روو بەم شێوەیەی خوارەوە :

- پاراستنی ئەزموونی مرۆڤایەتی و داب نەریتەکان، بۆ ئەوەی بەردەوامی ژیان بەردەست بکەن.
- دەستکەوتنی پێویستیە سەرتاییەکانی تاك و خێزان لە خواردن و شوێنی حەوانەوە.
- خۆپاراستن لە هێزە دەرەکیەکان وەك ئاگربەربوون و لافاو.... هتد.
- بە ئەندامبوونی تاك لە کۆمەڵ.
- راهێنان و مەشقپێکردنی تاك لە سەر سەماکردن وئاهەنگ گێڕان لە بۆنە ئاینیەکان.
- درووست کردنی هاوسەنگی لە نێوان ژیانی ماددی و ژیانی واتایی ( روحی )

### جۆر و شێوازەکانی پەروەردە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان

بە شێوەیەکی گشتی پەروەردەی کۆن بۆ دوو جۆر دابەش دەکرا ئەوش :

١- **پەروەردەی کرداری** : کە لەرێگەیەوە تاك ئامادە دەکرا بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی پەیدا بکات وەك ( خواردن، جل وبەرگ، شوێنیە حەوانەوە ) بۆ تاك لە سەرتاوە فێری هەڵگرتنی چەك و بەخێوکردنی ئاژەل دەکرا، بۆ ئەوەی بەردەوامی خۆی بپارێزێت.

٢- **پەروەردەی تیۆری** : کەتیای دا تاك فێری خودا پەرستی دەکرا بۆ ئەوەی لایەنی روحی خۆی ئاسوودە بکات.

ئەم پەروەردەیەش بە دووقۆناغدا تێدەپەڕی :

**قۆناغی یەکە م** ( قوناغی دوای لە دایك بوون ) لەم کاتە منداڵ لای دایکی دەمایەوە بۆ ئەوەی چاودێری بکات، وە ئەرکی دایك لەم قۆناغە فێرکردنی منداڵ بوو بە هەندێ لە چالاکیە سەرتاییەکان بۆ ئەوەی مندالەکە بتوانێت لە گەڵ دەروربەری خۆی بگونجێت و ببێتە بەشێك لە کۆمەڵ.

**قۆناغی دووەم** ( قۆناغی باڵغ بوون ) لەم قۆناغە منداڵ فێری چەند پێوەرێك دەکرا بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە بەشێك لە کۆمەڵگاکەی، و لە رێگەی گەورەی هۆزەکە ئەم بەهایانە فێردەکرا بۆ ئەوەی داب نەریتی کۆمەڵەکە بپارێزێت، ئەم پەروەردەیەش لە رێگەی بۆنەی تایبەت ئەنجام دەدرا.

شێوازەکانی پەروەردەی سەرەتایی :

بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر لە پەروەردەی سەرتاییمان هەیە ئەویش :

١- **پەروەردەی جەستەیی** : لە کۆمەڵگا کۆنەکان بۆوارێکی زۆر دەدرا منداڵەکان بۆ ئەوی لاسایی گەورەکان بکەن لە چالاکیەکانیان، وەك درووست کردنی شمشێر و خانوو...هتد، بۆ ئەوەی منداڵەکە لە رووی جەستەیی بە هێزبێت.

٢- **پەرەوەردەی فیکری کرداری** : لە جۆرە پەروەردەیە کرداری پراکتیکی بەسەری دا زاڵە کە تیایدا مەبەست لە راهێنانی منداڵ ئەوەی پێداویستیەکانی خێزان جێ بەجێ بکات، وە ئەم پەروەردەیەش بە پێ رەگەز جیاواز بوو، وە بە پێی بیرکردنەوە کۆمەڵەکە دەگۆڕا، ( رەگەزی نێر ) فێری هەڵگرتنی چەك و راوکردن و درووستکردنی ئامێرەکانی راوکــردن و جوتــیاری دەبــوون و ( رەگەزی مێ ) فێری درووست کردنی خیوەت و کۆکردنەوەی دار دەبوون.

٣- **پەروەردەی ئاکاری** : کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەهای ئەخلاقیان بەرز بوو و ویژدانیان هەبوو وە ئەم ویژدانەش رەنگدانەوەی لە سەر رەفتارەکانیان هەبوو بۆیە زۆر رێزی گەورەیان دەگرت، بیری ئاینیان لە هزر دابوو وە پێیان وابوو روحی پاك جێگای باش دەبێت و روحی خراپ سزا دەدرێت.

**تایبەت مەندیەکانی پەرووەردەی سەرتایی :**

**لە تایبەت مەندیەکانی پەروەردە لە کۆمەڵگا سەرتاییەکان :**

**١- پەروەردەیەکی سادەی بوو لە رووی ئامانج و شێوازەکانی.**

**٢- ئامانجی گواستنەوەی شارەزاییەکان بوو لە نەوەی کۆن بۆ نەوەی نویێ.**

**٣- پەوەردەیەکی بی مەبەست بوو.**

**٤- پەروەدەیەکی گشتی بوو واتە هەموو یەك جۆر پەروەردەیان هەبوو.**

**٥- پەروەردەیەکی سست بوو واتە داهێنانی تێدا نەبوو.**

**٦- ئامانجی ئامادەکردنی منداڵ بوو بۆ ژیانی کرداری.**

**٧- لە رێگەی قسەکردن دەگوازرایەوە.**

**پەروەردە لە شارستانیە کۆنەکان :**

**یەکەم // پەروەردە لە چینی کۆن :-**

**دەتوانین پەرورەدەی چینی بە نموونەیەکی بەرچاوی پەروەردەی رۆژ هەڵات بژمێرین، چونکە لە تایبەتمەندیەکانی، پارستنی گیانی پابەندی بۆ داب ونەریتی کۆن بوو، وە کاری لە سەر ئەوە دەکرد داب نەریتی کۆن لە ناخی تاك بچێنێت، بۆ ئەوەی تاك لە سەر کلتورو داب و نەریتی باپیرانی پەروەردەبێت بۆیە گرنگی بە درووستکردنی کەسایەتی تاك نەدەدا بۆیە ئامانجی پەروەردەکە تەنها گواستنەوەی زانیاریەکان بوو بۆ تاك بۆ ئەوەی لە دوارۆژ بتوانێت خزمەتی سیستمی وڵات بکات .**

**وئەگەر بروانینە ژیانی چینی کۆن دەبینین ژیانێکی سست و نەگۆر بووە، وە ئەم پەروەردەیەش بۆ زیاتر لە ( ٣٠٠٠ ) ساڵ بەردەوام بوو.**

**ئاین و پەروەردەی چینی :**

**کۆنفۆشی بە کلیلی پەروەردەی چینی دەژمێردرێت، و داهێنەری ئەم جۆرە پەروەردەیە (کۆنفۆشیوس ) بوو، وەکۆنفۆشی هێزی خۆی لە دوو بیروربارەر وەردەگرت ئەویش ( بوزی و تاوی ) بوو چونکە لەوکات دا چین هیچ ئاینێکی فەرمی نەبوو. بەڵام لە دوایی دا بیروباوەری چینی پشتی**

به بیروباوەری کۆنفۆشیوس بەست، که ئەویش به سیستەمێکی فەلسەفی هەژمار دەکرا زیاتر له وەی سیستەمێکی ئاینی بێت.

کۆنفۆشیۆسی له سەدەی شەشەمی پێش له دایکبوونی حەزرەتی مەســیح سەری هەڵدا بەســەرکردایەتی ( کۆنفۆشیوس ) و لەو کاتەی کۆنفۆشیوس پەیامەکانی خستەروو چین دوچاری چەندین شەر وشۆر ببووە، بۆیه کۆنفۆشیوس هەوڵی دا سستمێکی چاکسازی بێنێته ئارا له رێگەی دارشتنی یاسا و شەریعەتێکی پیرۆز بۆ ئەوەی بتوانێت چینیەکان پابەند بکات بەم بیروباوەڕانە، له کۆتایی دا توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت له بلاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی، که تیای دا جەختی له سەر (ئاکاری کرداری و خێزان و ملکەجی بۆ ولات و سوود گەیاندن به تاك ) دەکرد.

وه کۆنفۆشیۆس هەوڵی بنیادنانی پەیوەندیه کۆمەلایەتیەکان دا له رێگەی جەخت کردنی لەسەر پێنج جۆر پەیوەندی ئەویش ( له نێوان دەسەلاتدار وبەردەست، له نێوان باوك ومندالان، له نێوان براگەورە و برابچووك، له نێوان ژن ومێرد، له نێوان هاورێكان ) وه هەموو ئەم پەیوەندیانە له سەر بنەمایەك بوو که کۆنفۆشیۆس بانگهێشتی بۆ دەکرد ئەویش ( به شێوازێك مامەڵه لەگەڵ کەسێك مەکه که بۆخۆت حەزناکەی وا مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت).

قۆناغەکانی خوێندن له چینی کۆن :

به شیوەیەکی گشتی قوناغەکانی خوێندن له چینی کۆن بۆ سێ قۆناغ دابەش دەبێـت بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١- **قۆناغی فێرکردنی سەرەتایی :**

قوتابخانەکانی خوێندنی سەرتایی له لادێیەکان بوو لەم کات دا قوتابیان به ئارەزووی خۆیان دەچوونه قوتابخانە، بەلام ئەم جۆرە قوتابخانانە هیچ خەسلەتێکی فەرمی نەبوو، بۆیه بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ئەم قوتابخانەیه پشت دەبەسترا بەو هاوکاریانەی که له لایەن خەڵکی لادێ کۆدەکرایەوە.

وه ئەم جۆرە قوتابخانانه له رووی بیناسازیەوە زۆر سادە بوون وه هەندی جار له ناو پەرستگاکانەوە یان له ماڵێك له ماڵەکان دەبوو.

خوێندنین لەم قوناغە رۆژێکی تەواو بوو لە بەیانیان دەستی پێدەکرد تا وە کو رۆژ ئاوا، وە ئەو بابەتانەی دەخوێندرا بریتی بوون لە ( خوێندنەوە و بیرکاری و نووسینەکانی کۆنفۆشیۆس بوو ) وە ئەوەی کارەکەی لەسەر قوتابی زەحمەت کردبوو، زمانی وانەکان بوو چونکە ئەو زمانەی قوتابی پێی دەخوێندن زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی، لە گەڵ ئەوەش دا هەندی لە چەمکەکانی کە بەکار دەهات لە وانەکان کەسی گەورە لای ئاسان نەبوو تێی بگات، لە گەڵ ئەوەشدا بە منداڵان دەدرا وە دەبوایە لە بەری بکەن .

وە بۆ ماوەی سێ ساڵ منداڵ لەم قۆناغەدا دەبوو وە تەمەنی منداڵ کاتی ئەم قۆناغەی دەبری دەگەیشتە ( ١٦ ) ساڵ.

٢- **قۆناغی فێرکردنی ناوەندی :**

قوتابخانەکانی ئەم قوناغەی خوێندن لە شارە گەوەکانی چین بوو، و دابینکردنی پێداویستیەکانی ئەم قوتابخانانە لە رێگەی کەسانی خێر خواز دەبوو، وە ئامانجی سەرەکی لە خوێندن، ئامادەکردنی قوتابیان بوو بۆ تاقیکردنەوە گشتیەکان، ئەویش لە رێگەی مەشقکردنیان و راهێنانیان لە سەر نووسینی هۆنراوەو بابەتە جیاجیاکان و نووسینی فەلسەفی و ئاینی، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە قوتابیەکان لە قوناغی سەرەتایی وەریان گرتووە، بەلام بە قووڵتر وەریدەگرنەوە بۆ ئەوەی ئاستێکی بەرزی تیادا نیشان بدەن.

٣- **قۆناغی خوێندنی بالا :**

لەم قۆناغە قوتابیان فێری بابەت و نامە نووسین دەبن بۆ ئەوەی ئامادەبن بچنە ناو تاقیکردنەوەکان، کە دوای تەواو بوونی قۆناغی ناوەندیی دەست پێدەکرد، وە ئەم جۆرە خوێندنەش لە قوتابخانەی تایبەت دەبوو و حکومەت خۆی سەرپەرشتیاری ئەم قوتابخانانە دەبوو، وە ئەم قوتابخانانە لە گەڵ ئەوەی ژمارەیان کەم بوو، لە ناو شارە گەورەکانی چین وە پێویست بوو لە سەر قوتابی شارەزاییەکی تەواو لە سەر زانیاریەکان وەربگرێت.

سیستمی تاقیکردنەوەکان :

تاقیکردنەوە یەکێك بوو لە دیاردە هەرە باوەکان بوو لە پەروەردەی چینی، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی پەروەردە و فێکردن بریتی بوو لە خزمەتکردنی سیستمی ولات بوو وە پێگەیاندنی

فەرمانبەران بوو، بۆیە تاقیکردنەوەکان تاکە ڕێگا بوو بۆ ئەوەی فەرمانبەری شیاو بۆ پۆستەکان بدۆزنەوە، ئەوەی شایەنی باسە ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە تایبەت نەبوو بە چینێکی دیاریکراو بەڵکو هەموو کەس مافی بەشدار کردنی تێدا هەبوو، وە بۆ سەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوەکان لێژنەیەکی تایبەت هەبوو ئەرکی ئەم کارەی خرابووە ئەستۆ.

تاقیکردنەوەکان سێ جۆر بوون :-

## ١- تاقیکردنەوەی پلەی یەکەم :

ئەم جۆرە تاقیکردنەوە سێ ساڵ جارێك ئەنجام دەدرا لە ناوجەکان، وە ژورێکی تایبەت بۆ قوتابی تەرخان دەکرا بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکەی تێدا ئەنجام بدات، وە قوتابی ( ٢٤ ) کاتژمێر خەریکی تاقیکردنەوە دەبوو وە هەموو ووزەی هزری خۆی بەکار دەهێنا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە بابەتە جیاجیاکان و ڕێژەی دەرچوون لەم تاقیکردنەوە زۆر کەم بوو لە ( ٤٪ ) زیاتر نەدەبوو.

## ٢- تاقیکردنەوەی قۆناغی دووەم :

ئەم جۆرە تاقیکردنەوە لە ناوجەکان ئەنجام دەدرا دوای تێپەربوونی چوار مانگ لە سەر تاقیکردنەوەی یەکەم و ماوەکەی ( ٣ ) ڕۆژ بوو وە ئاستی پرسیارەکان و شێوازی تاقیکردنەوەکە هەمان شێوەی تاقیکردنەوەی یەکەم بوو بەڵام بە شێوەیەکی فرەوانتر بوو وە زەحمەت تر بوو، وە ژمارەی بەشدار بووانی ئەم تاقیکردنەوە دەگەیشتە ( ١٠٠٠٠ ) دەهەزار قوتابی وە ڕێژەی دەرجوون لە ( ١٪ ) تێپەری نەدەکرد، وە سەرکەوتوانی ئەم تاقیکردنەوانە لە پلە وەزیفیەکانی نزمی حکومەت دادەمەزران

## ٣- تاقیکردنەوەی قۆناغی سێ یەم :

ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە لە پایتەختی ئیمبراتۆریەتی چیین ئەنجام دەدرا، راگری هونەری سەرپەرشتیاری دەکرد، وماوەی تاقیکردنەوەکە ( ١٣ ) ڕۆژ بوو و هۆڵی تاقیکردنەوەکە لە ( ١٠٠٠٠ ) دە هەزار ژوور پێك دەهات، هەر قوتابیەك بەشداری ئەم تاقیکردنەوانە بکردایە پێوویست بوو خواردن و خواردنەوە لە گەڵ خۆی بێنێت بە درێژایی ماوەی تاقیکردنەوەکان ، وە لە کاتی

**تاقیکردنەوەکان قوتابی پرسیارەکانی وەرەگرت و وەلامەکانی خۆی تۆمار دەکرد. وە دەرچوانی ئەم تاقیکردنەوانە پلەی وەزیفی بەرزیان لە حکومەت دەست دەکەوت.**

**دووەم / پەروەردە لە یۆنانی کۆن :**

**ئەوەی یۆنانیەکانی لە کۆمەڵگاکانی تری جیا دەکردەوە، ڕێزگرتنی هزر وبوونی سیستمی کۆمەلأیەتی و سیاسی و پەروەردەیی و فەلسەفی بوو. وئەوەی تایبەتمەندی دابووە سیستمی پەروەردەیی لە یۆنان بوونی گیانی نوێخوازی و داهێنان وپەرەپێدانی توانای تاکەکان بوو، ئەوەش وای کرد بوار بە گەشەکردنی کەسایەتی تاکی یۆنانی بدات لە هەموو بوارەکان، و ئامانجی پەروەردە لایان بریتی بوو لە ( گەیشتنی تاك بە ژیانێکی ئاسوودە، و گەیشتن بە گونجان لە نێوان لایەنی روحی و لایەنی جەستەیی )**

**بە شێوەیەکی گشتی پەروەردەی یۆنانی لە دوو سیستمی جیاواز خۆی دەدۆزیەوە ئەویش :**

**١- پەروەردەی ئەسپارتی :**

**سیاسیەتی ئەسپارتا لە سەر بنەمای سەرکەوتنی سەربازی بوو، ئەویش لە رێگەی کۆنترۆڵکردن و زالبوون بوو بە سەر هەموو نەتەوەکانی تر، و سیستمی پەروەردە پالپشتی ئەم بۆچوونەی دەکرد و هەولی دەدا ئامانجەکانی سیاسەتی وولات بێنێتە دی، بۆیە ئامانجی پەروەردەی ئەسپارتا بریتی بوو لە ئامادەکردنی هاولاتی بۆ ئەوەی ببێتە سەربازێکی بەغیرەت و گوێرایەل بۆ پێداویستیەکانی جەنگ.**

**و یاسای ئەسپارتەکان پێی وابوو وولات ( ئامێری جەنگە ) کەواتە ئەرکی وولات پەروەردەکردنی سەربازی بەهێز و تەندرووستە و پەروەردە کردنی کچەکان بۆ ئەوەی ببنە دایکی سەربازەکان، بۆیە دەولەت خۆی هەلدەستا بە ئەرکی هەلبژاردنی هاوسەرکان بۆ ئەوەی مندالی تەندروست و بەهێزیان ببیێت.**

**هۆکارەکانی کاریگەر لە سەر سیستمی پەروەردەیی لە ئەسپارتا :**

**ئەو هۆکارنەی کە کاریگەری لە سەر سیستمی پەروەردەیی هەبوو لە کۆمەڵگای ئەسپارتا بریتی بوو لە :**

١- **شوێنی جوگرافی ئەسپارتا :** شوێنی جوگرافی ئەسپارتا کاریگەریەکەی زۆری هەبوو کە ئەویش شوێنێکی چیایی بوو وبە پێی بارودۆخی شێوێنەکە پێویستی دەکرد تاك لە رووی جەستەیی ئامادەباشی بۆ بکرێت تا بتوانێت بەرگەی زەحمەتیەکانی ژیان بگرێت.

٢- **سیستمی چینایەتی ئەسپارتا:** سیستمی چینایەتی لە ئەسپارتا لـە سێ چین پێك هاتبوو ئەویش (چینی دەسەڵاتدار کە ئەوانیش چینی ئەرستۆکراتیەکان بوون، و چینی ناوەندە، کە ئەوانیش چینی سەرمایەدارەکان و خاوەن پیشەکان بوون، و چینی کۆیلە، کە ئەوانیش کاریان خزمەت کردنی دەسەڵاتدارەکان بوو )

٣- **مەترسییە دەرەکییەکان:** بە بۆنەی هەوڵەکانی ئەسپارتا بۆ داگیرکردنی نەتەوەکانی دەوروبەری و سەپاندنی باج بەسەریان وای کرد ئەم نەتەوانە رقیان هەڵسێت و دژایەتیان بکەن و دژی ئەسپارتەکان بجەنگن، لە لایەکی تر بوونی کێشەو ململانێ لە ناوەوەی ئەسپارتا وای کرد ئەسپارتەکان بیر لە درووستکردنی سوپایەك بکەنەوە بە تەواوی گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی دەسەڵاتدارانی ئەسپارتا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنتڕۆڵی باردۆخی ناوەوە و دەروبەریان بکەن.

**قۆناغەکانی پەروەردەی ئەسپارتا :**

لە ئەسپارتا منداڵ لە کاتی لە دایك بوونی خاوەنداریەتی بۆ وولاَت دەگەڕایەوە ئەویش بڕیاری دەدا ئایە ئەم منداڵە مافی ژیانی هەیە یان نا، ئەویش لە رێگەی نیشاندانی منداڵەکە لە دوای لە دایك بوونی بە گەورەکانی شارەکە یان پزیشکانی شار دوای ئەوە بە مەی دەشۆردرانەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ڕادەی لەش ساغی ئەم منداڵە بدەن، وە ئەگەر منداڵەکە لاوازبایە یان پەك کەوتە بایە ئەوا لە سەر چیا جێ دەهێلدرا یان فرێ دەدرایە ناو خەرەندێك یان یەکێك لە کۆیلەکان بۆخۆی هەڵیدەگرتەوە، وە ئەگـەر مـنداڵەکە لـەش ساغ بایە ئەوا بە خـانەوادەکەی دەدرایەوە بـۆ ئەوەی بـە توند و تیژی بە خێوی بـکەن.

**بە شێوەیەکی گشتی پەروەردەی ئەسپارتا بە چوار قۆناغ تێپەر دەبوو وە هەر قۆناغێك تایبەتمەند بوو بە قۆناغێکی تەمەنی دیاریکراو بەم شێوەی خوارەوە :-**

**١- قۆناغی یەکەم : لە تەمەنی ( ١ – تا – ٧ ) ساڵ :**

لەم قۆناغە دایك هەڵدەستا بە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکە بە شێوەیەکی توند وتیژ وە هیچ نازێکی پێ نەدەبەخشی بۆ ئەوەی منداڵەکە توندو تۆڵ بێت وە لە دوا رۆژ بتوانێت بەرگری لە وڵاتەکەی بکات وە لە شێکی بەهێزی هەبێت .

**٢- قۆناغی دووەم : لە تەمەنی ( ٧ – تا – ١٨ ) ساڵ :**

لەم قۆناغە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ دەکەوتە ئەستۆی دەوڵەت، و هەموو منداڵەکان لەم تەمەن دەنێردرانە سەربازگەی تایبەت وە لەوێوە مەشقی تایبەتیان پێدەکرا، وە جەخت لە سەر ئەوەی دەکرا ئەم منداڵانە وا پەروەرد بکرێن کوێرانە ملکەچی فەرمانەکانی دەوڵەت بن، وە هەموو منداڵەکان هەمان شێوە جل بەرگیان لە بەر دەکرد وە خۆیان خواردنەکانیان ئامادە دەکرد و هاوکاری یەکتریان دەکرد بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن.

وله تەمەنی شازدە ساڵی دا دەبوایە گەنجەکە بەلای کەمی یەکێك لە کۆیلەکان بکوژێت بۆ ئەوەی پیاوەتی خۆی بسەلمێنێت.

سەبارەت بە کچەکان، ئەوانیش مەشقی تایبەتیان پێ دەکرا بەلاَم لە ژێر چاودێری دایکان تا لەشیان بە هێز بێت  بۆ ئەوەی لە دوا رۆژ منداڵی تەندروستیان ببێت.

**٣- قۆناغی سێ یەم : لە تەمەنی ( ١٨- تا – ٢٠ ) ساڵ :**

لەم قۆناغە زۆرینەی گەنجەکان هونەری جەنگی فێردەکران وە فێری بەکارهێنانی چەك دەکران، وە هەموو دوو هەفتە جارێك تاقیکردنەوەی توانای بەرگری بۆ گەنجەکان ئەنجام دەدرا ئەویش لە رێگەی لێدانیان بە قامچی، وە دوای ئەم قۆناغە ئەم گەنجە دەبووە مامۆستا وە بەرپرسیاریەتی فیرکردنی منداڵەکانی دەکەوتە ئەستۆ تا تەمەنی گەنجەکە دەگەیشتە سی ساڵ.

**٤- قۆناغی چوارەم : لە تەمەنی ( ٢٠ – تا – ٣٠  ) ساڵ :**

لە تەمەنی بیست ساڵی گەنجەکان دەچوونە گۆڕەپانی جەنگ وەك سەربازێك لەوێ دەمانەوە وە بەشداری جەنگەکانیان دەکرد، وە بۆ ماوەی دەساڵ دەمانەوە وە دەبوایە چەندین تاقیکردنەوە بە سەرکەوتووی ئەنجام بدەن، وە لەم تەمەنە گەنجەکان رێگایان پێدەدرا  هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن

لەو کچانەی کە لە کۆڕەپان مەشقیان دەکرد بەلاَم ڕێگایان پێنەدەدرا ژن و مێرد لێك نزیك ببنەوە تا تەمەنی کوڕەکە دەگەیشتە سی ساڵ، چونکە بە بۆچوونی دەسەلاَتدارەکان ئەم تەمەنە تەمەنی پیاوەتییە.

وە دوای تەمەنی سی ساڵی دەوڵەت پارچەیەك زەوی دەبەخشیە کەسەکە بۆ ئەوەی کاری کشتوکاڵی ئەنجام بدات، وە بەشێك لە بەرهەمەکەی بۆ دەوڵەت دەبوو.

چەند تێبینیەك لە سەر پەروەردەی ئەسپارتا :

لە گرنگترین تێبینیەکان لە سەر پەروەردەی ئەسپارتا بریتی بوو لە :

أ- ئامانجیان دۆزینەوە ودروست کردنی تاکێکی بەهێز و بەغیرەت وملکەچ بوو بۆ بڕیارەکانی دەوڵەت.

ب- وولات کۆنترۆڵی هەموو قۆناغەکانی فێرکردنی ئەسپارتەکانی کردبوو.

ت- ئەسپارتەکان توانیان داب نەریتیان بپارێزن بە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا بکەن.

پ- سیستمی پەروەردەی ئەسپارتا وای کرد پەروەردەی فیکری لاوازبێت.

ج- پەروەردەی ئەسپارتا نەیتوانی هیچ بیرمەندێك یان فەیلەسوفێك بەرهەم بێنێت.

٢- پەروەردەی ئەسینی لە ( ٧٧٦ پ ز - ٤٧٩ پ ز ) :

پەروەردەی ئەسینی هەوڵی دا بەرژەوەندی وولاَت لە سەرووی بەرژەوەندی تاك دابنێت و بیپارێزێت، وە پەروەردە لە سەر بنەمای داب ونەریتی ئەسینی بوو، وە فێرکردن لە ئەسینا بە زۆری نەبوو و خێزان هەڵدەستا بە ئەرکی فێرکردنی منداڵەکانیان لە هەموو بوارەکانی ئاکاری و جەستەیی.

و بڕیاردان لە سەر شیاوی منداڵ بۆ ژیان لە ئەستۆی خێزان بوو بە تایبەتی باوك، و وولاَت خۆی لەم مەسەلەیە هەڵنەدەقورتاند.

ئەوی شایەنی باسە سیستمی پەروەردەی ئەسینی کەوتبووە ژێر کاریگەری سیستمی کۆمەلاَیەتی چونکە کۆمەڵگای ئەسینی لە سێ چینی پێك هاتبوو ئەویش ( هاولاَتی ئازاد، بێگانەکان،

كۆیلەكان ) وە ئەسینیەكان زۆر دەمارگیر بوون بۆیە بە هیچ شێوەیەك بە بوونی بێگانە دڵخۆش نەدەبوون وە بەردەوام بە چاوێكی نزم سەیری بێگانەیان دەكرد.

قۆناغەكانی پەروەردەی ئەسینی :

بە شێوەكی گشتی قۆناغەكانی پەروەردەی ئەسینی بۆ چوار قۆناغی سەرەكی دابەش كرابوو :-

1- قۆناغی یەكەم ( پەروەردەی خێزانی )

ئەم قۆناغە لە كاتی لە دایك بوونی منداڵ دەستی پێدەكرد تا حەفتساڵی وە خێزان سەرپەرشتیاری هەموو لایەنەكانی پەروەردەی منداڵی دەكرد وە باوك خۆی هەڵدەستا بە ئەنجام دانی تاقیكردنەوە لە سەر تەندرووستی منداڵ بۆ ئەوەی بزانێت ئایە ئەو منداڵە دەتوانێت لە دوارۆژدا خزمەتی وولاًت بكات یان نا.

2- قۆناغی دووەم ( قۆناغی فێربوونی سەرەتایی )

ئەم قۆناغە لە تەمەنی ( ٧ ساڵی تا تەمەنی ١٦ ساڵی ) وە منداڵ كاتی تەمەنی دەگەییشتە (٧) ساڵی دەچووە قوتابخانە، وە مامۆستای كۆیلە لە گەڵ منداڵەكەدا دەبوو بەدرێژایی دەوامی خوێندنی، دەوامی خوێندیش لە رۆژ هەڵاًتنەوە دەستی پێدەكرد تا رۆژ ئاوا دەبوو بەردوام بوو وە ئەم مامۆستایە مافی ئەوەی هەبوو سزای منداڵ بدات ئەگەر هەڵەی بكردبایە وە دەبوایە بەردەوام چاودێری منداڵەكە بكات . وە ئەو وانانەی كە منداڵ لە قوتابخانە فێردەكرا ( مۆسیقا و وەرزش " وەك غارغرێن و بەسەرچیاكەوتن و یاری كردن بە تۆپ " وە تەمەنی گەورەتر فێری هونەری جەنگی دەكران وەك بۆكسێن و فرێدانی قورسایی .

3- قۆناغی سێ یەم لە تەمەنی ( ١٦ ساڵی تا تەمەنی ١٨ ساڵی ) :

منداڵ له تەمەنی شازده ساڵی له گرنگی دان به مۆسیقا دەگوازرایەوە بۆ گرنگی دان به وەرزش واته هەموو گرنگیەك لەم قۆناغه تایبەت بوو به ئەنجامدانی وەرزش وه مامۆستای تایبەت بۆ بابەته وەرزشیەكان دادەنرا.

٤- قۆناغی چوارەم له تەمەنی ( ١٨ساڵی تا تەمەنی ٢٠ ساڵی ) :

لەم قۆناغه كەسەكه به گەنج ناو دەهێنرا و له ساڵی یەكەم گەنجەكان له بنكەی تایبەت دەمانەوه وه لەم بنكەیه گەنجەكان فێری هونەری جەنگی و چۆنیەتی بەكارهێنانی چەك دەكران.

له ساڵی دووەم گەنجەكان وەك سەربازێك له بنكه سەربازیەكان دەمانەوه بۆ ئەوەی شارەزایی له سەر سنووری ولاَتەكەی خۆیان پەیدا بكەن.

بابەتەكانی خوێندن :

ئەفلاتۆن له وەسفكردنی پەروەردەی یۆنانی و بابەتەكانی خوێندن دەڵێت ( كاتێ منداڵ فێری ووشەكان بوو وه له نووسینەكان تێگەیشت پێویسته فێری شیعر بكرێت ) لەم روانگەیەوه دەتوانین بڵێین بەشێوەیەكی گشتی بابەتەكانی خوێندن له ئەسینا بریتی بوو له :

١- **خوێندنەوه و بیركاری** : ئەسینیەكان گرنگیان به خوێندنەوه و نووسین دەدا وه كاتی قوتابی توانای نووسینی دەبوو تەختەی تایبەتی پێدەدرا بۆ ئەوەی مەشق و راهێنان له سەر نووسین بكات.

٢- **له بەركردنی هۆنراوه ( شعر )** : لەو هۆنراوانەی كه جەختی له سەر دەكرایەوه بۆ ئەوەی قوتابیان له بەری بكەن هۆنراوەكانی هومیرۆس بوون، چونكه ئەم هۆنراوانه چەندین بەهای كۆمەلاَیەتی و رۆحی تێدابوو جگه لەمەش هۆنراوەكان باسی حیكمه و خۆشەویستی وولاَتیان دەكرد.

٣- **پەورەدەی مۆسیقی** : فێركردنی مۆسیقا ئامانجی سەرەكی سوود وەرگرتنی قوتابیان بوو بۆ ئەوەی بتوانێت گونجان له نێوان ئاواز و هزری خۆی دروست بكات.

٤- **پەروەردەی وەرزشی :** ئامانج لە پەروەردەی وەرزشی ئەوە بوو کە فێری کۆنترۆڵکردنی خودی خۆیان ببن تاکوو قوتابی بتوانێت حەز وئارەزوەکانی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵکردنی عەقڵی.

٥- **ووتاربێژی :** بارودۆخی سیاسی وای کرد قوتابی فێری ووتار بێژی بکرێت وە فێرکردنی ووتاربێژی تەنها مەبەستی درووست کردنی کاریگەری لەسەر خەڵك نەبووە بەڵکو شێوازێك بوو بۆ ئەوەی بتوانن لە گفتوگۆکان سەرکەوتن بەدەست بێنن.

٦- **کارە پیشەییەکان :** لەو کارە پیشەییانەی کە قوتابی فێردەکرا چۆنیەتی ئەنجام دانی کرداری کڕین و فرۆشتن بوو بەتایبەتی بۆ ئەو قوتابیانەی کە ناتوانن خوێندنیان تەواو بکەن.

٧- **پەروەردەی ئایینی :** ئەم جۆرە پەروەردەیە بە شیوەیەکی ناراستەوخۆ ئەنجام دەدرا ئەویش لە ڕێگەی فێردنیان بە پەرستنی خواوەندەکان، هەروەها قوتابی فێری چەندین سروودی ئاینی دەکران کە ئەو سروودانە لە بۆنەکان دەووترانەوە.

٨- **بابەتی هزری و یاسایی :** ئەم شێواز پەروەدەیەش بە ڕێگەیەکی ناراستەوخۆ ئەنجام دەدرا ئەویش لە ڕێگە بواردان بە قوتابیان بۆ ئەوەی بەشداری لەو گفتوگۆیانە بکەن کە لە نێوان گەورەکان رووی دەدا یان ڕێگەی گوێدان و بیستنی ڕۆمانەکان، وە ئامانج لە فێرکردنی یاسا پابەند بوونی قوتابی بوو بەم یاسایانە.